

# ئیسپانیا ڕۆیشتنێکی بێدەنگ بەرەو مۆندیال

ئیسپانیا پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا و یەکێك بوو لە پاڵێوراوەکانی کۆمەڵەی پێنجەم کە بتوانێ پارێزگاری لە پێشەنگ بکات و بگاتە مۆندیال، بەڵێ ئەوەی چاوەڕوان دەکرا روویدا و ئیسپانیا لە کۆمەڵەی خۆی بە پلەی یەکەم هات و گەیشتە مۆندیال هەر وەك مۆندیالی ٢٠٠٦ ئیسپانیا لە کۆی ١٠ یاری توانی ١٠ سەرکەوتن بە دەست بهێنێ بە بێ ئەوەی تووشی شکست بێت، ئیسپانیا پێش کۆتایی هاتنی یارییەکانی کۆمەڵەی خۆی بە دوو جەولە توانی پلیتی چوونی بۆ مۆندیال مسۆگەر بکات دوای ئەوەی بە ئەنجامی سێ گۆڵی خاوین لە ئیستونیای بردەوە و پاشان لە لاکەڕۆنیا بەلژیکای گۆڵباران کرد و بە ئەنجامی پێنج گۆڵی خاوێن لێی بردەوە، دیل بۆسکی توانی بیسەلمێنێت کە پێکهاتەیەکی سەرەکی بەهێزی دروست کردەوە لە توانای هەیە لە گشت هەڵبژاردەکان بباتەوە.

### ڕاگەیاندنەکان چی دەڵێن

دوای ئەو ئەنجامە باشانەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مۆندیال دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گۆڤار و ڕۆژنامەکان زۆر بە پەرۆشەوە هانی دیل بۆسکی و هەڵبژاردەی وڵاتەکەیاندا لەوانە ڕۆژنامەی مارکا-ی ڕۆژانە لە لاپەڕەی یەکەم و بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی ( بڕۆن جامی مۆندیال ببنەوە) لە لایەکی دیکەوە گۆڤاری ئای ئاس دەڵێ ( یا میدالیای زێڕ لە مۆندیال وەربگرین.

### ڕۆیشتنی ئاراگۆنیس و هاتنی دیل بۆسکی

دوای دۆڕاندنی لە ڤیینا بەرامبەر ئەڵمانیا و ڕۆیشتنی ئاراگۆنیس بۆ یانەی فەنەربەخچەی تورکی وەرگرتنی دیل بۆسکی پۆستی ڕاهێنەرایەتی و دوای خۆشی و گفتوگۆیەکی زۆر پشوویەکی دوور و درێژ بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لە دانیمارکی بردەوە و بۆ جاری یەکەم لە مێژووی خۆی هاتە پلەی یەکەم لە ڕیزبەندی گشتی.

### دەستکەوتەکانی دیل بۆسکی

دیل بۆسکی تەمەن ٥٧ ساڵی ناوبانگی هەبوو هەر وەکو یاریزان و ڕاهێنەر لە یانەی ریال مەدرید نابێ دەستکەوتەکانی هێیرۆ و بۆسکی لە یاد بکرێن، دوای شەش ساڵ لەگەڵ ریال مەدرید دیل بۆسکی توانی دووجار ببێتە پاڵەوانی یانەکانی ئەورووپا و جارێکیش جامی یانەکانی کیشوەرەکان و دوو جاریش خولی یانەکانی ئیسپانیا بباتەوە.

### شێوازی یاریکردن

دیل بۆسکی بەشێوازی ٤-٤-٢ یاری دەکات و پارێزگاری لەو یاریزانانە کرد لە پێکهاتەی ئەوانەی نازناوی ئەورووپایان بردەوە و لە ناکاو ئەم یاریزانانە وون بوون گارسیا و دیلارید و فرناندۆ و ناڤارۆ، هەندێك دەڵێن شێوازی یاریکردنی ئەراگۆنێس وەکو یاریکردنی سێرکە، بەڵام دیل بۆسکی پارێزگاری لەسەر هێمنی ڕادەبەدەری خۆی دەکات و ئامادە نەبوو دەستبەرداری زاڤی و ئەلۆنسۆ و ئەنیستا و مارکۆس سینا بێت و بڕیاری زۆر توندی ڕاگەیاند ئەوەش هۆکارێك بوو بە ئەنجامی پێنج گۆڵی خاوێن لە بەلژیکای بردەوە کە ماوەی ٢٥ ساڵە بەم ئەنجامە گەورەیە بەلژیکا نەیدۆڕاندوە.

### کاسیاس پارێزگاری لە گۆڵی خۆی دەکات

بیکیە توانی لە ٩ یاری سێ گۆڵ تۆمار بکات و لە خولی ئیسپانیاش لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە ٢٥ یاری تەنیا یەك گۆڵی تۆمارکردووە کەچی کاسیاس توانی یەکەمین سەرکەوتن لە یاری فەرمی لە یاریگەی ریاسۆر لاکۆڕنیا تۆمار بکات کەچی لە ریال مەدرید لە ٩ یاری ٧ یارییان دۆڕاند و لە دووەکەی دیکەش بەرامبەر بوون، بەڵام دیل بۆسکی لە کۆی ٧ یاری ٧ سەرکەوتنی بە دەستهێنا، کاسیاس توانی ژمارەیەکی پێوانی نوێ تۆمار بکات ماوەی ٧٢٣ خولەك هیچ گۆڵی لێ نەکراوە.


### جەماوەر لە دیل بۆسکی دەبووری

بەهۆی ئەو ئەنجامە باشانە و تۆمارکردنی گۆڵێکی یەکجار زۆر جەماوەری ئیسپانی لە ڕاهێنەر دیل بۆسکی دەبوورن کە ڕائوولی پشت گوێ خستووە کە پێشتریش لە لایەن ئەراگۆنێس دوورخرابۆوە، تەنیا ئەو کەسانە گلەیی لە دیل بۆسکی دەکەن کە ریال مەدریدیان خۆش دەوێ، چاودێران لەوە دەترسن کە لە مۆندیال ئاستیان باش نەبێت چونکە ئیسپانیا لە پاڵاوتن ڕووبەڕووی هیچ هەڵبژاردەیەکی بەهێز نەبوویتەوە تەنیا ئەوە نەبێت لە یارییەکی دۆستانەدا بەرامبەر ئینگڵتەرە بە ئەنجامی دوو گۆڵی خاوێن دۆڕان، دیل بۆسکی لە کۆی ٢٠ یاری ١٩ سەرکەوتنی بە دەستهێناوە لەوانە ١٠ سەرکەوتن لە ١٠ یاری پاڵاوتنی مۆندیال.

### سەرژمێری هەڵبژاردەی ئیسپانیا

ئیسپانیا لە کۆی ١٠ یاری تەنیا ٥ گۆڵی لێ تۆمارکراوە دەکاتە ڕادەی نیو گۆڵ لە یارییەك کە دەکاتە دووەمین باشترین هێڵی بەرگری دوای هەڵبژاردەی هۆڵەندە کە دوو گۆڵی لێ تۆمارکراوە و لە کۆی ١٠ یاریش ٢٨ گۆڵی تۆمارکردووە و بە پلەی دووەم هات دوای هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە کە ٣٤ گۆڵی تۆمارکردووە دیل بۆسکی توانی دوای ئاراگۆنیس ٩ لەوانە بیکیە کە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ بەرشلۆنە نیشاندا لە هێڵی بەرگری و هاوکاری هێرشبەریش دەکات، یاریزانی لێهاتوو خوان مانوێل ماتا لە کۆی ٥ یاری ٣ گۆڵی تۆمارکردووە هەروەها بوونی هەردوو یاریزان ئەلڤارۆ نیگیردۆ کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر پێکهاتەی ئیسپانیا، بەڵام زەرەرمەندی گەورە لەو هاوکێشەیە یاریزانی بەناوبانگ فرناندۆ تۆریسە بەهۆی ئازاری پێکانەکەی ناڵەی دێت.

# لینیکەر: یانەکانی ئینگڵتەرە کۆنترۆڵی یانەکانی ئیتاڵیا دەکەن




گۆڵکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە گاری لینیکەر لە لێدوانێکیدا گوتی: دوای راکێشـــانی تیروپشـــکی قۆناغی دووەمـــی خولی یانەکانی ئەوروپا یانەکانی ئینگڵتەرە توانای ئەوەیان هەیە بەســـەر یانەکانی ئیتاڵیا سەرکەون کە لە مانگی شـــوبات ئەنجـــام دەدرێت، زیاتر دەڵـــێ هەردوو یانەی مانچســـتەر یۆنایتد و چێڵسی بەهێزترن لە هەردوو یانەی میلان و ئەنتەر میلان، چێڵسی پێکهاتەیەکی زۆر بەهێزی هەیە و یاری نەکردنی یاریزانە رەش پێســـتەکان بەهۆی بەشداریکردنیان لـــە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانـــی ئەفریقیا کاریگەری لەسەر ئاســـتی چێڵسی نابێت لەبەر ئـــەوەی یاریزانـــی یەدەگـــی زۆرە کـــە بتوانن شـــوێنیان پڕبکەنەوە، هەروەها گوتی: ئەم یارییە گرنگییەکی زۆری بـــۆ راهێنەر مۆرینهۆ هەیە چونکە ماوەی ســـێ ســـاڵ راهێنـــەری بووە و توانیوویەتی ٥ نازناوی بۆ بە دەســـتبهێنێ پێش ئەوەی دووربخرێتەوە بۆیە دەیەوی بۆ ســـەرۆکی یانەی چێڵســـی و دەستەی کارگێڕی بسەلمێنێ کە ئەوان هەڵە بوون دەستبەرداری بوون، لە لایەکی دیکەوە لینیکەر دەڵێ لە ماوەی گواســـتنەوەی زســـتانە یاریزان دێڤید بێکهـــام جارێکی دیکە پەیوەندی بە میلان دەکاتەوە و رووبەڕووی یانەی پێشتری دەبێتەوە من وای بۆ دەچم یانەی میلان ناتوانێ رکابەری یانەی مانچستەر یۆنایتد بێتەوە و فێرگەســـۆنیش ئاســـت و هێزی یانەی میلان بـــاش دەزانێ و زانیارییەکی تەواوی لەســـەریان هەیە، شـــەیتانە ســـوورەکان خۆیان بەباشـــی بۆ ئەم یارییە ئامادەکردووە، زیاتر دەڵێ فێرگســـۆن حەزی نەدەکرد رووبەڕووی یانەی بایرەن میونیخ ببێتەوە ئەویش لەبەربوونی هەردوو هێرشبەری بە توانا فرانك ریبیـــری و ئارین رۆبن کە دوانێکی ترسناکن لەو یانەیە. لینیکەر لە کۆتاییدا گوتی: هەست بەوە دەکەم کە چێڵســـی نازناوی وەرزی ئەمســـاڵ دەباتەوە چونکە لە خەزێنەکەی تەنیا ئەمەی نییە.

## زاڤی باشترین یاریزانی جیهانە




بـــە پێـــی ماڵپـــەری یەکێتی تۆپـــی پێ بۆ ســـەرژمێرییەکان یاریزانی یانەی بەرشـــلۆنە و هەڵبژاردەی ئیســـپانیا زاڤی هێرناندێزی بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرد بە پێش یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی خاون گشت خەڵاتەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کەوت، لە هەمان ماڵپەر گۆڵچی هەڵبـــژاردەی ئیســـپانیا ئیکەر کاسیاس بە باشـــترین گۆڵچی جیهان دەستنیشـــان کـــرا و راهێنەر گواردیۆلا باشـــترین راهێنـــەری یانەکان دەستنیشـــان کرا و دیل بۆسکی باشترین راهێنەری هەڵبژاردەکان دەستنیشـــان کرا و یانەی بەرشلۆنە باشترین یانەی جیهان دەستنیشان کرا.


# زێدان: ئیسپانیا دەگاتە یاری کۆتایی مۆندیالی ٢٠١٠

یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ریال مەدریـــد زینەدین زیدان لە لێدوانێکیدا پێشـــبینی سەرکەوتنی هەڵبـــژاردەی ئیســـپانیای بـــۆ یاری کۆتایی مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیـــا ســـەردەکەوێت و زێـــدان زیاتـــر گوتی: هەڵبژاردەی ئیســـپانیا ئێســـتا رکابەرێکـــی ســـەرکییە بۆ بە دەســـتهێنانی جامـــی جیهانی ٢٠١٠، چونکە هەڵبژاردەی ئیســـپانیا دوای بە دەستهێنانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ئاستی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا هەمان ئاســـتە و لە گشت یارییەکان ئاستێکی زۆر باشـــیان نیشاندا و هیچ هەڵبژاردەیەك نەیتوانیوە بەرامبەر ئیســـپانیا بوەستێ، لـــە درێـــژەی لێدوانیکیـــدا زێـــدان



گوتی: بـــە بۆچوونی خـــۆم کـــەس ناتوانی بەرنـــگاری هەڵبژاردەی ئیســـپانیا ببێتـــەوە و پێشـــبینی دەکـــەم یان هەڵبـــژاردەی پورتوگال یان بەرازیـــل دەگەنە یاری کۆتایی مۆندیال رووبەڕووی ئیسپانیا دەبێتەوە.

# ٢٠٠٩ ساڵێكی پڕشەنگدار بوو بۆ بەڕازیلییەكان



لــە نێو وڵاتی بەڕازیل زیاتر لە ١٩٠ ملیۆن هاندەر هەیە كە تۆپی پێیان خۆش بوێ، ئەم هاندەرانە ســاڵی ٢٠٠٩ یان بە چەندین خەون بەڕێكرد و بە هیوای ئەوەن لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری شەشەم پارێزگاری لە نازناوی مۆندیــال بكەن، لەم ســاڵەدا راهێنەری لاو دۆنــگا توانی دەمی ئەوانە دابخات كە گومانیان لە كارەكەی هەبوو و دەیانگوت دۆنگا شایســتەی ئەم پۆســتە نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە توانی بە هۆی ئەنجامە باشەكانی خۆی بخزێنێتە نێو دڵی جەماوەری وەرزشی بەڕازیلی دوای ئــەوەی بۆ جاری دووەم جامی كیشــوەرەكانی بەرزكردەوە لە كۆمەڵەی خۆشــی لە پلەی یەكەم هات بۆ گەیشتن بە كۆتاییەكانی مۆندیال.

سەرژمێرییەكانی ساڵی ٢٠٠٩

بەڕازیل لە ماوەی ســاڵی ٢٠٠٩ ( ٥٠) یاری ئەنجامداوە تیاییدا ٣٤ ســەركەوتنی تۆماركردووە و تووشی ٥ شكست هاتــووە لە ١١ یاریش بەرامبەر بووە، هەورەها توانیویەتی ٥٣ گۆڵ تۆمار بكات بەرامبەر ئەوەی ١١ گۆڵی لێ تۆماركراوە.

**دۆنگا لە ركابەرە بەهێزەكان دەباتەوە**


دۆنگای راهێنەری هەڵبــژاردەی بەرازیل لە لایەن جەماوەری وەرزشــی زیاتر خۆشەویســت بووە لەبەر ئــەوەی لە دوژمنە ســەرەكییەكانی بردۆتەوە لەوانە توانی بــە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ لە نێو خاك و جەماوەری خۆی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بباتەوە و هەروەها توانی بە ئەنجامی گۆڵێكی بێ بەرامبەر لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بباتەوە و لە هەمان كاتیشــدا توانی دوو جار شكست بە هەڵبژاردەی ئیتاڵیای پاڵەوانی پێشووی مۆندیال بهێنێ یەكەمیان لە یارییەكی دۆســتانە بە ئەنجامی دوو گۆڵ بێ بەرامبەر بوو و دووەمیشــیان بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ بوو لە پاڵەوانیەتی جامی كیشوەرەكان بوو.

**بەرازیلییەكان خۆشحاڵن**

یەكێك لە خۆشــیەكانی جەمــاوەری بەرازیلی ســاڵی ٢٠٠٩ گەڕانەوەی چەندین ئەســتێرە بوو كە لە ئەوروپا یارییان دەكرد لەوانــە ئەدریانۆ و رۆناڵدۆ بوو كە لەگــەڵ هەردوو یانەی كۆرنتیــاز توانی بێتە پاڵەوانی جامــی بەڕازیل و یانەی فلامینگۆ توانی ببێتە پاڵەوانی خولی یانەكان، گەڕانەوەی ئەم دوو ئەســتێرەیە خۆش و جۆشــێكی خستە نێو خولی وەرزی ئەمســاڵ و یارییەكانی زۆر بە هێزكردبوو، یانەی فلامینگۆ ماوەی ١٧ ساڵە لەم نازناوە دوورە و ئەمساڵ توانــی ببێتە پاڵەوان كە زۆرترین جەماوەری لە بەڕازیل هەیە، جێگەی باسە بەڕازیل دوای ئیسپانیا لە ریزبەندی گشتی بە پلەی دووەم دێت.

# باشترین یاریزانە بێگانەکانی یانەی مانچستەر یۆنایتد

دوای ئـەوەی یانەی مانچسـتەر یۆنایتد ٣٠ سـاڵ پێش ئێستا بۆندی لەگەڵ یەکەم یاریزانـی بێگانە مۆرکـرد ئەویش نیکۆلا یۆفانۆفیتچ بوو، بۆیـە ماڵپەری فەرمی یانەی مانچسـتەر یۆنایتـد و رۆژنامەی ئینسـاید یۆنایتد راپرسـییەکان ئەنجامدا




بە مەبەسـتی دەستنیشـان کردنی باشترین ١١ یاریزانـی بێگانە لە مێـژووی یانەی مانچسـتەر یۆنایتد و ٧ یاریزانی یەدەگ، ئەنجامەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

گۆڵچی: پیتر شمایکل

هێڵی بەرگری : یاب ستام – باتریس ئیڤرا – رۆنی جۆنسون - ڤیدتیچ

هێڵـی ناوەڕاسـت: کریسـتیانۆ رۆناڵدۆ – ئەندریە کانتشیلسکس – خوان سبستیان ڤیرۆن –ئارنۆڵد مۆهرین

هێڵی هێرشـبەر: ئیریك کانتۆنا – رۆد ڤان نیستلرۆی

لە هەمان کاتـدا پێکهاتەی یەدەگی یانەی مانچستەر یۆنایتد بەمشێوەی خوارەوە بوو.

گۆڵچی : ڤان دێر سار

هێڵی بەرگری: ینینگ بێرگ – سلڤیستر

هێڵی ناوەراسـت: ئەندرسـۆن – جیسـبر ئۆلسن

هێڵی هێرشبەر: سۆلسکایر – دواید یۆرك




# ژمارەی پێوانی لە ئامادەبوونی جەماوەر لە خولی ئەڵمانیا

خولـی یانەکانی ئەڵمانیا توانـی ژمارەیەکی پێوانـی لە خولی یانەکانی لە مێژووی ئەڵمانیا تۆمار بکات، لە وەرزی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ تەنیا لە ١٥١ یـاری ( ٦٤٤٥٠٩٤) ملیۆن جەماوەر ئامادەی یارییەکان بووینە سەرەڕای زیادبوونی ١٠٠ هەزاری دیکە لە کۆتایی ئەم هەفتەیە لە هـەردوو یاری ( هامبـۆرگ – بریمەن) و ( کۆڵـن – نۆرنبێرگ)، ئەمەو لە ٢٠٠٩-٢٠١٠ بۆ هەر یارییـەك (٤٢٦٨٣) هـەزار جەماوەر ئامادەبووینـە و لە وەرزی پێشـوو ( ٤٠٨٨٠) هەزار کەس ئامادە دەبوو.

### یانەی بروسیا لە پێشەنگە

یانەی بروسـیا دۆرتمۆند توانی پارێزگاری لە پێشـەنگی جەماوەر بکات و لە کۆی ٩ یاری ٦٨٧ هەزار کەس ئامـادە بووینە و دەکاتە ٧٦ هـەزار کەس بۆ یـەك یاری و یانـەی بایرەن میونیـخ بە پلەی دووەم دێت بـە ئامادەبوونی (٦٢١) هەزار کەس کـە دەکاتە ( ٦٩) هەزار کەس بۆ هەر یارییەك و یانەی شاڵکە بە پلەی سێیەم دێت بە ئامادەبوونی (٥٥٠) هەزار کەس کە دەکاتە (٦١) هەزار کەس بۆ هەر یارییەك.


کەمترین ئامادەبوونی جەماوەر

یانەی ماینز کە ئەمسـاڵ هاتە ریزی یانە پلە یەکـەکان لە ٩ یاری تەنیـا ١٦١ هەزار کەس ئامادەی یارییەکان بووینـە و بۆ هەر یارییەك دەکاتە ١٩ هـەزار کەس و هۆکارەکەشـی بۆ بچووکی پەیژەکانی یاریگا دەگەڕێتەوە جێگەی باسە وەرزی ١٩٧٢-١٩٧٣ لە یارییەکان کەمترین جەماوەر بەخۆوە بینی بوو ئەویش بەهۆی ئەوەی لە وەرزی پێشـتر یاری بە هەندێ لە ئەنجامی یارییەکان کرابـوو و جەماوەری تۆپی پێش لەو وڵاتە متمانەیان بەم یارییانە نەبوو.

# فیدیتچ: یاری یەکەم لە مۆندیال زۆر گرنگە

یاریزانـی هەڵبـژاردەی سـربیا و یانەی مانچسـتەر یۆنایتد نیمانیـا فیدتیچ لە لێدوانێکیـدا بۆ ماڵپـەری فیفا گوتی: هەڵبژاردەکەمـان یاریزانی زۆر بە توانای تێدایـە و دەتوانن ئاسـتێکی زۆر باش لە جامی جیهانی نیشان بدەن، بەڵام لە جامی جیهانی هیچ هەڵبژاردەیەکی ئاسان نییە، بەڵکو گشت هەڵبژاردەکان یاریزانی یەکجار باشـیان هەیە بۆیە ئەرکمان زۆر قورسە لە مۆندیال، بەڵام وا هەسـت دەکەم دەتوانین ئاستێکی باش لە مۆندیال نیشان بدەین.

فیدتیـچ لە درێژەی قسـەکانیدا گوتی: یـاری یەکـەم زۆر گرنگە لـە مۆندیال گەر توانیمان سـەرکەوتن لە یاری یەکەم تۆمار بکەین ئەوە چانسـمان زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی سـەربکەوێن بۆ قۆناغی دووەم لە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ یاریزانەکان بۆ ئەوەی لە گشـت یارییەکان بە یەك ئاست یاری بکەن.



# ساڵی ٢٠٠٩ بە ژمارە



دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٩مان جێهێشت بە هەموو ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی و بەخێرهاتنی ساڵی ٢٠١٠ مان کرد بەهیوای ساڵێکی پڕ لە خۆشی و شادی و پڕ لە دەستکەوتی وەرزشی بۆ کوردستان، بە پێویستمان زانی بە ژمارە ماڵئاوایی لە ساڵی ٢٠٠٩ بکەین.

ئا: ڕێبین ڕەمزی

- ٨٠٠٠٠ هەزار هاندەری ڕیال مەدرید پێشوازییان لە یاریزان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کرد دوای ئەوەی یانەی شاهانە یاریزانی ناوبراوی پێشکەش بە هاندەران کرد، ئەم ژمارەیە ژمارەی پێوانەیی لە پێشوازیکردن لە یاریزانی تازەی شکاند دوای ئەوەی ئەم ژمارەیە بە ناوی هاندەرانی یانەی ناپۆلی بوو کاتێك (٧٥٠٠٠) هەزار هاندەری ناپۆلی پێشوازییان لە دیگۆ مارادۆنا کرد لە ساڵی ١٩٨٤.
- ٢٠٠ژمارەی هەڵبژاردەکانە کە بەشدارییان لە یارییەکانی پاڵاوتن کرد بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ ئەمەش ژمارەی پێوانەیی لە بەشداری کردنی هەڵبژاردەکان لە یارییەکان پاڵاوتن، لە هەمان کاتدا زیاتر لە ٥٦٠٢ هەزار یاریزان بەشدارییان لە یارییەکانی پاڵاوتن کردووە و زیاتر لە ١٩,٣ ملیۆن کەس سەیری یارییەکانی پاڵاوتنیان کردووە ئەمەش ژمارەی پێوانەیە بە ڕێژەی (٢٣٠٠٠)هەزار هاندەر بۆ هەر یارییەك.
- ١١٤ ساڵ دوای دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێ سویسرا، توانی یەکەم دەستکەوتی گەورە لە مێژووی خۆی بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی سویسرا توانی جامی جیهانی بۆ تازەپێگەیشتووان بە دەستبهێنێت کە لە وڵاتی نێجیریا ئەنجام درا، ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە سویسرا بەهیچ شێوەیەك پاڵێوراو نەبوو توانی لە هەڵبژاردە گەورەکانی جیهان بباتەوە وەکو بەرازیل و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا... ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی دەستکەوتەکان بوو بۆ سویسرییەکان لە پاڵ بە دەستهێنانی جامی جیهانی تازەپێگەیشتووان هەڵبژاردەی یەکەمی سویسرا سەرکەوت بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ و گەیشتن بۆ یاری کۆتایی بۆ جامی جیهانی تۆپی پێی کەناری دەریاییەکان.
- ١١٣ ساڵ دوای دامەزراندنی ١١٣ ساڵ دوای چاوەڕوانی یانەی بانفیڵدی ئەرژەنتینی توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی خولی ئەرژەنتین بە دەستبهێنێت ئەمەش ژمارەی پێوانەیی شکاند کاتێك ژمارەی پێشوو بە ناوی یانەی هاماربی سویدی بوو کاتێك ١٠٤ ساڵ چاوەڕوان بوو تا توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا خولی تۆپی پێ سوید بە دەستبهێنێت لە ساڵی ٢٠٠١.
- ٥٤ گۆڵ هەردوو یاریزانی یانەی ڤۆلسڤۆرگی ئەڵمانی پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولی ئەڵمانیا گرافیتی و ئەدین دزیکۆ تۆماریان کرد لە خولی ئەڵمانیا بەم ژمارەیە بوونە ترسناکترین دوو هێرشبەر لە بۆندسلیگا، گرافیتی بەرازیلی ٢٨ گۆڵی تۆمار کرد و دزیکۆی بۆسنی ٢٦ گۆڵی تۆمار کرد ئەم ژمارەیە ئەم دوو یاریزانە بە پێش هەردوو یاریزان گێرد مۆلر و ئۆلی هۆینس کەوتن کە هەردووکیان ٥٣ گۆڵیان تۆمار کرد لە وەرزی ١٩٧١ – ١٩٧٢، ١٩٧٢-١٩٧٣.
- ٢٤ ساڵ و ٤ مانگ و ١١ ڕۆژ تەمەنی پاولۆ ماڵدینیە لە نێو یاریگەکان، دوای ئەوەی لە تەمەنی ١٦ ساڵی دەستی بە یاریکردن کرد و لە تەمەنی ٤٢ ساڵی وازی لە یاریکردن هێنا، یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی ئەی سی میلان ٩٠٢ یاری لەگەڵ یانەی ناوبراو ئەنجامدا بەمەش ژمارەییەکی تایبەتی بۆ خۆی تۆمار کرد کە یەکەم یاریزانە لە مێژووی یانەی ئەی سی میلان ئەم ژمارە یارییە ئەنجام دەدات.
- ١٥ سەرکەوتنی یەك لە دوای یەکی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ژمارەی پێوانەیی





شـــكاند دوای ئەوەی ژمارەی پێشوو بە نێوی هەڵبژاردەكانی بەرازیل و ئوستراڵیا و فەرنسا بوو كاتێك توانیان ١٤ سەركەوتن یەك لە دوای یەك تۆمار بكەن، لە هەمان كاتدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی بگاتە ژمارەی بەرازیل دوای ئەوەی لە ٣٥ یاری تووشـــی هیچ شكستێك نەبوو، بەڵام نەیتوانـــی ژمارەیەكی پێوانەیی تۆمار بكات دوای ئەوەی لە جامی كیشوەرەكان لە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەمریكا دۆڕا.

- ٨ گـــۆڵ ژمارەی گۆڵەكانی ئەســـتێرەی هەڵبژاردەی لاوانی گانا دۆمنیك ئەدیا-یە كە لە جامی جیهانی لاوان توانی ٨ گۆڵ تۆمار بكات ببێتە گۆڵكاری مۆندیال و هەڵبژاردەی گانا بـــووە یەكەم هەڵبـــژاردەی ئەفریقی كە بتوانـــی دوو پاڵەوانیەتـــی گـــەورەی جیهان بە دەســـتبهێنێت هەر لـــەم مۆندیالە ژمارەی پێوانەیی لە ئامادەبوونی جەماوەر شكاند دوای



ئەوەی زیاتر لە (١٢٩٥٥٨٦) هاندەر ئامادەی یارییەكان بوون.

- ٧ ســـاڵ یارییەكانی یانەكان و هەڵبژاردەی عێراق لـــە دەرەوەی عێراق ئەنجام دەدرا، بەڵام لـــە مانگی ٦ی ٢٠٠٩ هەڵبـــژاردەی عێراق یەكەم یاری نێودەوڵەتی لە نێو یاریگەی خۆی ئەنجامدا كاتێـــك میوانـــداری هەڵبژاردەی فەڵەستینی كرد لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریـــری لە شـــاری هەولێـــری پایتەختی كوردستان .

- ٦ نازناوی گەورە لە یەكساڵ یانەی بەرشلۆنە بە دەســـتی هێنا دوای ئـــەوەی توانی ببێتە پاڵەوانی خولی ئیســـپانیا و جامی ئیسپانیا و سوپەری ئیسپانیا و خولی پاڵەوانانی ئەوروپا و جامی سوپەری ئەوروپا و جامی جیهانی بۆ یانەكان ئەم دەستكەوتە لە ژێر دەستی ڕاهێنەر گواردیۆلا تۆمـــار كراوە بەمەش دەبێتە یەكەم یانـــە لە مێژووی تۆپی پێ كـــە بتوانی ئەم هەموو نازناوە بە دەستبهێنێت لە یەك وەرزدا.

- ٤ ســـاڵ لە یەك لـــە دوای یەك مارتا بووە باشـــترین یاریزانی جیهان بۆ تۆپی پێ لەسەر ئاســـتی كچان كچە یایزانی بەرازیلی تەمەن ٢٣ ساڵ ژمارەی پێوانیی شكاند دوای ئەوەی پێش ئەســـتێرەی تۆپی پێ ئەڵمانیا بریگیت برینز كەوت كە توانی ٣ جار لە ســـەر یەكدی ببێتەباشترین یاریزانی جیهان.

- ٣ جـــار بەرازیل توانی جامی كیشـــوەرەكان بە دەســـتبهێنێت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە یـــاری كۆتایـــی لە جامی كیشـــوەرەكان توانی لە هەڵبـــژاردەی ئەمریكا بباتەوە، بەم ئەنجامە ژمارەی پێوانەیی شكاند كە بە نێوی هەڵبژاردەی فەرنســـا بوو كە توانی دوو جار جامی كیشوەرەكان بە دەستبهێنێت.

- ٣ جار یەك لە دوای یەك یانەی مانچستەر یۆنایتـــد بـــووە پاڵەوانی خولـــی ئینگلتەرە ئەمەش تەنیا یانەكانی هادرسفێلد و ئەرسناڵ و لیڤەرپوول تۆماریان كردووە، لە هەمان كاتدا شـــەیتانە ســـوورەكان توانیان بگەنە ژمارەی یانـــەی لیڤەرپـــوول كاتێك ١٨ جـــار خولی ئینگلتەرای بەدەستهێناوە و ژمارەی پێوانەیی ئینگلتەرای شـــكاند كاتێك بۆ ماوەی ١٣٣٤ خولەك گۆڵیان لێ تۆمار نەكرا، رایان گیگز ژمارەی پێوانەیی شكاند كاتێك توانی ١١ جار خولی ئینگلتەرە بە دەستبهێنێت و ژمارەیەكی تری شـــكاند كاتێك لە وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠ گۆڵێكـــی تۆمار كرد بەمـــەش دەبێتە یەكەم یاریـــزان لە مێـــژووی خولـــی ئینگلتەرە كە بتوانێ لە گشت وەرزەكان كە بەشداری بكات و گۆڵ تۆمار بكات.



